# پلینۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق
# گفتوگۆی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست لەگەڵ فاتیح شیخ
# سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری –حکمەتیست

**کۆمۆنیست:** ئەم دواییانە پلینۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەناوخۆی عیراقدا بەسترا وئیوەش وەکو سەرۆکی وەفدیکی رەسمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری–حیکمەتیست بەشداریتان تیدا کرد..ئەم پلینۆمە لەئاستی عیراق وناوچەکەدا چ جیگاریگایەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەبوو؟

**فاتح شیخ:** من وهاوری عبداللە شریفی وەکو وەفدی رەسمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری–حکمەتیست لەپلینۆمی 15حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا بەشداریمانکرد. ئەم پلینۆمە چ لە گۆشە نیگای حیزب خۆیەوە، وچ لەرووی جگاوریگای سیاسی وکۆمەڵایەتی‌یەکەیەوە بۆ کۆمەلگای داغانکراوی عیراق وتەواوی ناوچەکەش، گرنگییەکی لەرادەبەدەری هەبوو. سەرەرای زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارەیەك لەکادران ولیپرسراوانی کۆمیتە حیزبییە ناوچەییەکانیش، کەپیکەوە زیاترلە 50کەس بوون بەشداریان تیدا کرد. پلنۆم کۆبوونەوەیەکی بەشۆروشەوق، پرناوەرۆك بوو، کەبەعەزم ورۆشنبینییە کۆمۆنیستییەکەی، سەرچاوەی ئومیدیکە لەناو تاریکایی، وویرانەیەکدا بەپانتایی یەك وولاتی 26 ملیۆنی. پلنۆم کۆبوونەوەی ریزیك لەرابەرانی کۆمۆنیست، هەلسووراوانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینایەتی وکۆمەڵایەتی لەگەرەکەکان وشارەکاندا، کۆبوونەوەی رابەران وریکخەرانی شورا ویەکیتییە کریکارییەکان ولقەکانی ریکخراوی ئازادی ژن بوو، کەهەر هەموویان بریاریانداوە بۆ دەرکیشانی هەرچی خیراتری کۆمەلگا لەناو سیناریۆیەکی رەشدا کەبەسەریدا سەپینراوە.

قسەوباسەکانی پلینۆم نیشانەی فۆوکوسی درووستی رابەری حیزب بوو لەسەر مەسەلە گرییەکانی کۆمەلگا. گرنگترین ویەکەمین باس سەبارەت بەریگای کۆتاییهینان بەداگیرکاری کۆمەلگای عیراق وگیرانەوەی مەدەنییەت بوو بۆی. پلینۆم بەتیروتەسەلی چووەسەر تەرحی پیشنیارکراوی کۆرش مدرسی لەم زەمینەیەدا، کەباس لەپیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری ئەکات، کەریکخەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بیت بەدەوری ئەم ریکخراوەیەدا بۆ بەدیهینانی ئامانجی بەرپاکردنی دەولەتی غەیرە دینی وغەیرە قەومی. میکانیزمی گەیشتن بەم ئامانجەش بەگەرخستنی هیزی جەماوەری خەلك دەستنیشانکرا بۆبەدەستەوەگرتنی کاروبار وکۆنترۆلی گەرەك وشار وناوچەکان، ولەم ریگایەشەوە کۆتاییهینان بەداگیرکاری وگیرانەوەی مەدەنییەت بۆ ژیان وکۆمەلگا. قسەوباسی زیندووی کادران دەربارەی ئەم باسە، نیشانەی رۆشنبینی هەلسووراوانی دەستبەکاربووی یەك حیزبی بەرپرس بوون لەراستای بەدەسهینانی ریگای دەربازبوون لەجەنگەلی ویرانەیی وتیرۆری ئستا. ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق بەندیکی گرنگی دیکە بوو کەوەکو کردنەوەی گریکویرەیەکی بنەرەتیی ئالوگۆری سیاسی لەو ناوچەیەدا، خرایە بەرباسەوە. سەبارەت بەمەسەلەی هەلبژاردنی ئیستای عیراقیش باسیکی زیندوو وسەرنجراکیش ئەنجامدرا. لەپەیوەند بەئەزمە وجیابوونەوە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیرانیشدا، پلینۆم سیاسەتی رابەری حیزبی لیبراوانە پەسەندکرد.

ئەحساس وئەنجامگیری من ئەمەبوو کەپلینۆمی 15 خالیکی وەرچەرخانی تەعینکەربوو بەئاراستەی گۆرینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، بۆ یەك حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی خوازیاری دەسەلات، حیزبیکی بەنفوز وکاریگەر بەسەر کۆمەلگاوە. ئاراستەیەك کەلایەوە، حیزب لەریگای گۆرینی کۆمەلگا ووەلامدانەوە بەمەسەلە جۆراوجۆرە هەنووکەییەکانی، خۆشی ئەگۆریت وپیکهاتە ورابەرانیشی لەگەل پیداویستییەکانی ئەم گۆرانکارییە ئەساسیانەدا خۆی جووتدەکات. ئەمرۆ لەعیراق وناوچەکەدا، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وەکو یەك فاکتۆری سیاسی کاریگەر وبەنفوز جیگای قسەرباسە. ئەمە ئەتوانریت بەروونی لەناو بلاوکراوەکان وسایتەکان ورادەربرینی خاوەنبیرانی سیاسی عیراق وخۆرەلاتی ناوەراستدا ببینریت. یەك کۆبوونەوەی گرنگی کریکاری: "کۆنگرەی شورا کریکارییەکانی ناوچەی بەسرە" دوو رۆژ دوای کۆتاییهاتنی پلینۆم، کەبەتەواوی لەلایەن کادرانی حیزبەوە ریکخرا و بەریوەچوو، نیشانەیەکی ئاشکرای دیکەیە لەنفوز وجیگاو ریگای کۆمەلایەتی وچینایەتی حیزبمان لەعیراقدا.

**کۆمۆنیست:** رۆلی ئیوە لەناو باسەکانی ئەم پلینۆمەدا چی بوو؟

**فاتح شیخ:** لەووتارەکەمدا کەلەبەشی کردنەوەی پلینۆمدا خویندمەوە، هەولمدا لیکدانەوەی خۆم سەبارەت بەخاسیەت وکاراکتەری خالی ئیستای ئالوگۆری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وئەو مەسەلە هەنووکەییە سیاسیانەی کەکۆمەلگای عیراق وحیزبی لەگەلدا بەرەو رووبۆتەوە بۆ هاوریانی ئامادەبووی پلینۆم بخەمەروو. هەروەها دەربارەی گرنگیی هەلویستی ئوسولی ومیژوویی رابەری حیزبمان لەعیراق لەبەرامبەر بەئەزمەی ئەم دواییەی کۆمۆنیومی کریکاریدا کەبووە هۆی جیابوونەوەی ئیمە وپیکهینانی حیزبی حکمەتیست، بیرورای خۆمم خستەروو، وەتەئکیدم کردەسەر والابوونی لاپەرەیەکی نوی لەیەکیتی وهاوکاری بەربلاو لەنیوان هەردوو حیزب لەمەیدانەکانی سیاسەتی عیراق، وئران، وناوچەکە ولەمەیدانی هەلسوورانی نیونەتەوەییدا. ئاشناییم بەزمانی عەرەبی کۆمەکی کردم کەبچمە ناو رەوتی باسە زیندوو وسەرنج راکیشەکانی ئەم کۆبوونەوانە وراستەوخۆ بەشداریان تیدابکەم.

**کۆمۆنیست:** ئەگەر ئەرك نیە  دەربارەی پەسەنکراوەکانی ئەم پلینۆمە بۆ خوینەرانی کۆمۆنیست بدوی.

**فاتح شیخ:** پلینۆم ختوتی باسیك کە سمیر عادل کردی، دەربارەی پیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری بەمەبەستی کۆتاییهنان بەداگیرکاری عیراق وگیرانەوەی مەدەنییەت بۆ کۆمەلگاوهاوکات تەرحیك کە کۆرش مدرسیی لەم زەمینەیەدا خستبووەیەروو، پەسەندیکرد. هەروەها ختوتی باسی پەیوەست بەپیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری بۆ رابەرایەتی ورینوینی بزووتنەوەی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانیشی پەسەندکرد، کەلەلایەن هاوری ئەمجەد غفورەوە پیشکەشکرا. لەپەیوەند بەهەلبژاردنەوە پلینۆم باس وبەیاننامەی ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی وەکو پەسەنکراوی خۆی تەئییدکرد. لەباسی ئەزمە وجیابوونەوە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیرانیشدا، بۆ تەئییدی هەلویست وسیاسەتی رابەرایەتی حیزبی عیراق لەبەرامبەریدا، وە بۆ قەدرزانین لە کۆرش مدرسی وقەدرزانین لەریبوار ئەحمەد ومەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وهەروەها بۆ مەحکومکردنی شیوازی تیکدەرانەی رابەرایەتی

**حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران لەدژی حیزبمان لەعیراقدا، چەند بریار پەسەندكران. هەروە پلنۆم لەبارەی كاروبار ومەسائلی ریكخراوەیی حیزب وكۆنگرەی سیهەمی حیزبیشەوە دیسان چەند بریاریكی گرنگی پەسەند كرد.**